کــردي ســـوراني

# پوختەیەك سەبارەت بە ئاینی ئیسلام

## بەو شێوەیەی لە قورئان وسونەتدا هاتووە

(چاپێك بەبێ باسکردنی بەڵگەکان)


نووســینی:

دکتۆر/ محمد عبدالله السحیم

مامۆستای عەقیدە لە بەشی خوێندنەوە ئیسلامیەکان (لە پێشوودا)

کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی (الملك سعود)





Islamhouse.com

المحتــوى الإســلامــي

# ئیسلام

## پەیامێکی پوخت سەبارەت بە ئاینی ئیسلام بەو شێوەیەی لە قورئان وسونەتدا هاتووە

### (چاپێک بە بێ باسکردنی بەڵگەکان)

کتێبێکی گرنگە پێناسەیەکی پوختی ئاینی ئیسلامی لە خۆ گرتووە وڕوونکردنەوەی گرنگترین بنچینە ورێنمایی وجوانییەکانی ئاینی ئیسلامی تێدایە لە قورئان وسونەتدا، وئەم کتێبە بۆ مسوڵمانان وبۆ نامسوڵمانانیش دەگونجێت بە زمانەکانیان لە هەموو کات وشوێنێک سەرەڕای جیاوازی حاڵ وباروودۆخ.

بسم الله الرحمن الرحيم

شركاء التنفيذ:

دار الإسلام | جمعية الربوة | رواد الترجمة | المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص.

Telephone: +966114454900
ceo@rabwah.sa
P.O.BOX: 29465
RIYADH: 11557
www.islamhouse.com

به ناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

١. ئیسلام پەیامی خودایە بۆ هەموو خەڵکی بەتێکڕا، وکۆتا پەیامی خودایە بۆ مرۆڤایەتی هەتا قیامەت بەرپا دەبێت.

٢. ئیسلام ئاینێکی تایبەت نییە بە ڕەگەزێکی دیاریکراو یان گەلێکی دیاریکراو بەڵکو ئاینی خودایە بۆ هەموو خەڵکی.

٣. ئیسلام پەیامی خودایە کە تەواوکاری پەیامەکانی پێغەمبەرانی پێشووە بۆ ئومەتەکانیان -علیهم الصلاة والسلام-.

٤. پێغەمبەران -علیهم السلام- یەک ئاینیان هەیە، بەڵام شەریعەتەکانیان جیاوازە.

٥. هەروەکو بانگەشەی پێغەمبەرانی پێشوو: نوح وئیبراهیم وموسا وسولەیمان وداود وعیسا -علیه السلام- ؛ ئاینی ئیسلام بانگەشە دەکات بۆ ئیمان وباوەڕهێنان بەوەی کە پەروەردگار (الله) یە وئەو زاتە خولّقێنەرە -الخالق-ە ورۆزیدەرەوە -الرزاق-ە وژیان دەبەخشێت -المحيي-ە وزیندووەکان دەمرێنێت -المميت-ە وهەموو شتێک موڵکی ئەوە -مالك الملك- وهەموو کاروباری بوونەوەرەکان ئەو بەڕێوەی دەبات وئەو زاتە مەزنە زۆر بەسۆزە -بەڕەئفەتە:الرؤف-ە ومیهرەبانە -الرحيم-ە.

٦. الله -سبحانه وتعالى- خۆی پەروەردگارە وخولّقێنەرە -الخالق-ە، وتەنها ئەو شایەنی پەرستنە بە بێ هیچ هاوبەش وشەریکێک، ونابێت لەگەڵ پەرستنی خودا هیچ کەسێکی تر بپەرسترێت.

٧. الله خوڵقێنەری هەموو شتێکە کە لە گەردوون وئاسمانەکاندا هەیە لەو شتانەی دەیانبینین ولەو شتانەش کە نایان بینین، هەموو شتێک جگە لە (اللە) دروستکراوە وخوڵقێنراوە، وخوای گەورە ئاسمانەکان وزەوی لە شەش ڕۆژدا دروستکرد.

٨. وخودا -سبحانە وتعالی- هیچ شەریک وهاوبە شێکی نییە نە لە موڵکیدا، نە لە خوڵقاندندا، ونە لە بەڕێوەبردندا، ونە لە پەرستندا.

٩. و (اللە) -سبحانە وتعالی- باوکی کەس نەبووە، ولە دایکیش نەبووە، بەڵکو لە سەرەتاوە هەر بوونی هەبووە، وهیچ شتێک هاوشێوەی ئەو زاتە مەزنە نییە.

١٠. خوای گەورە تێکەڵی هیچ شتێک نابێت وبەرجەستە نابێت لە هیچ یەکێک لە بوونەوەرەکانیدا، بەڵکو زاتێکی مەزن وپیرۆزە لە سەرەوەی بوونەوەرەکانە لە سەرەوەی عەرشی مەزنە.

١١. (اللە) -سبحانە وتعالی- بە ڕەئفەتە ومیهرەبانە بەرامبەر بە بەندەکانی بۆیە پێغەمبەرانی ناردووە وکتێبە ئاسمانیەکانی دابەزاندووە.

١٢. خودا (اللە) پەروەردگارێکی میهرەبانە (الرحیم)ە، وتەنها زاتی مەزنی خۆی لێپرسینەوە لە بەندەکان دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا کاتێک زیندوویان دەکاتەوە لە گۆڕەکانیان، بۆیە هەر کەسێک بە پێی کردەوەکەی پاداشت دەدرێتەوە ؛ خێر یان شەڕ بێت، ئەوەی ئیماندار بێت وکردەوەی چاک ئەنجامبدات ئەوا نیعمەت وئاسوودەیی بەردەوامی بۆ هەیە، وئەوەی کافر وبێباوەڕ بێت وکردەوەی خراپ ئەنجامبدات ئەوا سزایەکی مەزنی بۆ هەیە لە قیامەتدا.

١٣. خودا (الله) -سبحانه وتعالى- ئادەمی دروستکرد لە خۆڵ (قوڕ: گڵ) ونەوەکانی لە پاش خۆی زۆر دەبن، بۆیە هەموو خەڵکی بنچینەیان وەکو یەکە، وهیچ ڕەگەزێک فەزڵی بە سەر ڕەگەزێکی ترەوە نییە وهیچ گەلێک فەزڵی بە سەر گەلێکی ترەوە نییە؛ مەگەر بە پێی پلەی ئیمان وتەقواداری ولە خودا ترسی نەبێت.

١٤. هەموو منداڵێک لەسەر فیترەت لە دایک دەبێت.

١٥. هیچ مرۆڤێک بە گوناهباری وتاوانباری لە دایک نابێت ونابێتە میراتگری تاوانی هیچ مرۆڤێکی تر.

١٦. ومەبەست وئامانج لە دروستکردنی خەڵکی: بۆ پەرستنی خودایە بە تەنها بە بێ بڕیاردانی هیچ شەریک وهاوبەشێک.

١٧. ئاینی ئیسلام ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە (بە پیاوان وئافرەتانەوە)، وهەموو مافێکی بە مرۆڤ داوە وکردوویەتی بە بەرپرسیار لەسەر بژاردەکانی وکردەوەکانی وهەڵسوکەوتەکانی، ولێپرسینەوە وبەپرسیاریەتی خستووەتە ئەستۆ سەبارەت بە هەرکردەوەیەک کە زیان لە خۆی یان بە خەڵکی بگەیەنێت.

١٨. لە ئاینی ئیسلامدا ئافرەت وپیاو یەکسانن لە ڕوانگەی بەرپرسیاریەتی وپادا شت وسزادان.

١٩. ئاینی ئیسلام ڕێزی لە ئافرەت گرتووە وئافرەتانی بە هاوتای پیاوان داناوە (مەگەر لە هەندێک حوکمی شەریعەت وئەو شتانە نەبێت کە پەیوەندی بە سرو شتی پیاو وئافرەتەوە هەیە)؛ واجبی کردووە پیاو خەرجی بکات لەسەر هاوسەرەکەی ئەگەر لە

توانایدا هەبوو، وباوک واجبە خەرجی بکات لەسەر کچەکانی، وکوڕەکان لەسەر دایک وخوشکیان ئەگەر باڵغ بوون وتوانایان هەبوو، وئافرەت لەسەر مێردەکەی.

٢٠. مردن ؛ نەمان وتیاچوون نییە بۆ هەتاهەتایە، بەڵکو دەرچوونە لە شوێنی کردەوە ئەنجامدان بۆ شوێنی پاداشت وەرگرتن، ومردن لا شە وڕۆح دەگرێتەوە، ومردنی ڕۆح ئەو کاتەیە کە لە لاشە جیا دەبێتەوە وپاشان بۆی دەگەڕێتەوە لە پاش زیندووبوونەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، ولە پاش مردن ڕۆح ناچێت بۆ نێو لاشەیەکی تر ودووبارە ژیانێکی نوێ ناژێت لە نێو لاشەی مرۆڤێکی تردا.

٢١. ئاینی ئیسلام بانگەشە دەکات بۆ باوەڕهێنان بە بنچینە مەزنەکانی ئیمان کە بریتیە لە: باوەڕهێنان بە خودا وفریشتەکان وکتێبە ئاسمانییەکان وەکو تەورات وئینجیل وزەبوور -پێش دەستکاری کردنیان وگۆڕینیان- وبە قورئان، وباوەڕهێنان بە هەموو پێغەمبەران -علیهم السلام- وباوەڕهێنان بۆ کۆتا پێغەمبەر کە موحەمەدە -صلی الله علیە وسلم-، وباوەڕهێنان ڕۆژی دوایی -قیامەت-، ودەبێت بزانین کە ئەگەر ژیانی دونیا کۆتایی بووایە وببڕایەتەوە وژیانێکی تر نەبووایە ئەوا بوونمان تەنها بۆ گاڵتە وگەپ وبێ هۆ بوو، وباوەڕهێنان بە قەزا وقەدەر.

٢٢. وپێغەمبەران -علیهم السلام- پارێزراون (مەعسومن) لەو پەیامانەی کە دەیگەیەنن لە لایەن خوداوە، وهەروەها پارێزراون لە توشبوون بە هەرشتێک کە ئەقڵی تەندروست وڕەوشتی جوان ڕەتی بکاتەوە، وپێغەمبەران گەیاندنی پەیامەکانی خودایان پێسپێردراوە بۆ بەندەکانی، وپێغەمبەران هیچ تایبەتمەندییەکی پەروەردگارێتی یان خودایەتی (ئولوهیەت:پەرستن)یان نییە، بەڵکو ئەوان مرۆڤێکن وەکو هەموو مرۆڤەکان

بەڵام جیاوازییان لەوەدایە کە خودا وەحییان (سرو شیان) بـۆ دەنێرێـت کە پەیامەکـانی خودای تێدایە.

٢٣. وئاینی ئیسلام بانگەوازی دەکات بۆ تەنها پەرستنی خـودا ئەویـش بە بنچیـنەی پەرستنە مەزنەکان کە بریتین لە:

١/نوێژ کردن: کە پێکهاتووە لە وەستان -قیام- ورکوع وسـوجدە بـردن ویـادی خودا وستایشکردنی ونزاکردن، مسوڵمان لە ڕۆژێکدا دەبێت پێنج جـار نـوێژ بکـات، وهەموو جیاوازییەکان نامێنێت لە نوێژدا کاتێک هەژار ودەوڵـەمەند وسەرۆک وخەڵکی هەمووی پێکەوە لە یەک ڕیزدا ڕادەوەستن بۆ ئەنجامدانی نوێژ.

٢/ وزەکاتـدان: ئەمـیش ڕێژەیەکـی کەمە لە سـامان -بە پێـی چەنـد مەرج ورێـژەیەک کە خـوای گەورە بڕیـاری لەسـەر داوە- کە واجـبە لە سـامانداەرەکان دەربهێندرێت وبدرێت بە هەژارەکان وئەو چینانەی کە دیـاریکراوە ؛ لە شەریعەتدا لە ساڵێکدا یەک جار.

٣/ ڕۆژووگـرتن: بـریتیە لە خـۆگرتنەوە لە ئەو شتانەی ڕۆژوو دە شکێنن بە درێژایی ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزان، کە مرۆڤ خۆی پەروەردە دەکـات لەسـەر ئیـرادەت وبەهێزی وئارامگرتن.

٤/حەج کردن: ئەمیش بریتیە لە مەبەستی سەردانیکردنی ماڵی خوای گەورە بۆ جێبەجێکردنی هەندێک دروشم وپەرستنی دیـاریکراو لە شاری مەکـکەی پیـرۆز، لەسەر ئەو کەسانە واجبە کە لە تواناياندا هەیە (توانایی دارایی وجەستەیی)، یەکێک لە

جوانییەکانی حەجکردن ئەوەیە کە هەمووی بە یەک ئاراستە داوا لە خودا دەکەن وهـیچ جیاوازییەک نامێنێت لە نێوان مرۆڤەکاندا وبە یەک شێوە پەرستنەکان ئەنجامدەدەن.

٢٤. مەزنـترین تایبەتمەنـدی پەرسـتنەکان لە ئیسـلامدا ئەوەیە کە چـۆنیەتی وکـاتی ئەنجامــدان ومەرجەکانیــان ؛ خــوای گەورە لە شەریعەتدا فەرمــانی پێکــردووە وپێغەمبەریش -صلى الـله علـيه وسـلم- گەیانـدوویەتی، ومـرۆڤ بە هـیچ شێوەیەک دەستکاری وگۆڕانکاری تێدا نەکردووە نە بە زیـاد کـردن ونە بە کەمکـردن هەتـاوەکو ئەمڕۆش، وئەم پەرستنە مەزنانە هەموو پێغەمبەران -عليهم السـلام- بانگەوازییـان بـۆ کردووە.

٢٥. پێغەمبەری ئیسلام نـاوی مـوحەممەدی کـوڕی عبـداللەیە لە نەوەی ئیسـماعیل کوڕی ئیبراهیمە -عليهم السلام- لە شاری مەکـکە لە سـاڵی ٥٧١ز لە دایکبـووە، ولە مەککە وەحی بۆ نێردرا وبوو بە پێغەمبەر، وپا شان کـۆچی کـرد بـۆ مەدینـە وبە هـیچ شێوەیەک لە شێوەکان بەشداری قەومەکەی نەبوو لە بت پەرستی وکارەکـانی سـەردەمی جاهیلیەت، تەنها لە کردەوە باشەکان بەشداریان بوو، وهەر لەسەر ڕەوشتی مەزن بـوو پـێش ئەوەی ببێـت بە پێغەمـبەر، وقەومەکەی بە (صـادق الأمـين) واتە (ڕاسـتگۆی دەستپاک) ناویان دەبرد، وخوای گەورە لە تەمەنی چل ساڵیدا وەحی بۆی نارد وبـوو بە پێغەمبەر وپشتیوانی لێـی کـرد ویـارمەتی دا ئەویـش بە بەخشـینی چەنـدەها ئـایەت ونیشانە وموعجیزە ؛ لە مەزنترینیان قورئانی پیرۆزە کە مەزنـترین ئـایەت ومـوعجیزەی پێغەمبەرمانە وموعجیزەیەکە هەتاوەکو ئەمڕۆ ماوەتەوە، وکاتێک خوای گەورە ئاینەکەی بۆ کامڵ کرد وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاینەکەی وەکو خۆی بە کامڵی وجوانی گەیاند ؛ لە تەمەنی شەست وسێ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد ولە شاری مەدینـە لە گـۆڕ

دانرا، وپێغەمبەر موحەمەد -صلى الله علـيه وسـلم- كۆتـا پێغەمـبەرە كە خـوای گەورە ناردی بە هیدایەت ورۆشنایی وئاینی هەق بۆ ئەوەی خەڵكی دەربهێنێـت لە تاریكـایی كوفر وبت پەرستی ونەزانین بۆ ڕۆ شنایی ونـوری تەوحیـد (یەكخواپەرسـتی) وئـیمان، وخوای گەورە شاهێدی بۆ داوە كە ناردوویەتی بۆ بانگەوازی كردن بۆ لای خوای گەورە بە ئیزنی ئەو زاتە مەزنە.

٢٦. وشەریعەتی ئیسلام كە موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێی هاتووە كۆتـا پەیـام وشەریعەتی خودایە، وشەریعەتێكە لە ئەوپەڕی كامڵیـدایە لە هەمـوو ڕوانـگەیەكەوە، وهۆكاری چاكبوونی دینداری ودونیای خەڵكیە، وبە پلەی یەكەم پارێزگـاری دەكـات لە: ئاینی خەڵكی، وخوێنیان (نەفسیان)، وسامانیان، وئەقڵیـان ونەوەكانیـان، وئـاین وشەریعەتی ئیسلام هەڵوەشێنەرەوەی هەموو ئاین وشەریعەتەكانی پێشووە (واتە: نابێـت چیتر شەریعەت وئاینەكانی پێشووتر پەیـڕەو وكردەوەیـان پێبكرێـت)؛ هەروەكـو چـۆن شەریعەت وئاینەكانی پێشـووتر یەكتریـان هەڵوە شاندنەوە لە ڕوانـگەی پەیـڕەو كـردن وكردەوە پێكردن.

٢٧. خوای گەورە -سبحانە وتعالى- هیچ ئاینێك قبوڵ ناكات جگە لە ئـاینی ئیسـلام، ئەو ئیسلامەی كە موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێی هاتووە، وهەركەسێك شوێنی ئاین وبەرنامەیەكی تر بكەوێت جگە لە ئیسلام ئەوا لێی قبوڵ ناكرێت ولە دۆڕاوەكـان دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا.

٢٨. قورئانی پیرۆز كتێبی خودایە كە بە وەحی ناردی بۆ پێغەمـبەر مـوحەمەد -صـلى الـله علـيه وسـلم- و وتەی خـودای پەروەردگـاری هەمـوو بوونەوەرەكـانە، وخـودا

ڕکابەرایەتی مرۆڤ وجنۆکەکانی کـرد کە کتێبێـک هاو شێوەی قورئـان یـان سـورەتێک هاوشێوەی سورەتەکانی بهێنن، وڕکابەرایەتیەکە بەردەوامە هەتـاوەکو ئەمـڕۆ، وقورئـانی پیرۆز وەڵامی زۆر پرسیاری گرنگ دەداتەوە کە جێگای سـەرگەردانی وسەرسـوڕمانیە لە لای ملیۆنەها مرۆڤ، وقورئانی پیرۆز پارێزراوە هەتـاوەکو ئەمـڕۆ بەو زمـانەی کە پێـی دابەزیووە ئەویش زمانی عەرەبیە وتەنانەت پیتێکیشی لـێ کەم نەبـووەتەوە وچـاپکراوە وبڵاوکراوەتەوە، وکتبێکی مەزنە وپڕە لە موعجیزە کە دەبێت مـرۆڤ بیخـوێنێتەوە یـان واتا وەرگێڕاوەکانی بخوێنێتەوە، هەروەکو چۆن سونەتی پێغەمبەر -صلی الله علیە وسلم- وفەرموودەکـانی وفێرکردنەکـانی وسـیرەتی پـارێزراوە وگێـڕدراونەتەوە بۆمـان بە پێـی زنجیـرەیەک لە گێـڕەرەوەی متمانەپێکـراو ولە چەنـدەها کتێبـدا چـاپکراون بە زمـانی عەرەبی ؛ ئەو زمانەی کە پێغەمبەر -صـلی الـلە علـیە وسـلم- قسـەی پێـی کـردووە و وەرگێڕدراون بۆ سەر چەندەها زمان لە جیهاندا، وقورئانی پیـرۆز وسـونەتی پێغەمـبەر -صلی الله علیە وسلم- تاکە سەرچاوەن بۆ ئەحکام ویاساکانی ئاین وشەریعەتی ئیسـلام، ونابێت کردەوەی ئەو تاکانەی کە خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسـلام وەکـو سـەرچاوە دابـنرێن؛ بەڵـکو تاکە سەرچاوە کە دەبێتە لێیەوە فێری ئەحکامەکانی ئاینی ئیسلام بین بـریتیە لە وەحی خودا: قورئانی پیرۆز وسونەتی پێغەمبەر -صلی الله علیە وسلم-.

٢٩. وئاینی ئیسـلام فەرمـان دەکـات بە چاکەکـار بـوون بەرامـبەر دایـک وبـاوک؛ ئەگەرچیش مسوڵمان نەبن، وئامۆژگاری کردووە بە پەروەردە کردن وئامۆژگـاریکردنی منداڵان.

٣٠. ئاینی ئیسلام فەرماندەکات بە دادپەروەر بوون لە وتە وکـردەوەدا تەنـانەت ئەگەر بەرامبەر دوژمنانیش بێت.

٣١. ئاینی ئیسلام فەرماندەکات بە چاکەکار بوون بەرامبەر بە هەموو بوونەوەرەکـان، وبانگەشە دەکات بۆ ڕەوشت وکردەوە جوانەکان.

٣٢. ئاینی ئیسلام فەرمان بە ڕەوشتە جوانەکان دەکات وەکـو ڕاسـتگۆیی وپاراسـتنی سپاردە (ئەمانەت) وداوێـن پـاکی و شەرم کـردن وئـازایەتی وبەخشـندەیی وبەخشـین وڕێزلێنان ویارمەتیدانی خاوەن پێویستیەکان ویارمەتیدانی کەسانی لێقەوماو وتێرکردنی برسیەکان وچاکبوون بەرامبەر دراوسێ وگەیاندنی پەیوەنـدی خزمـایەتی ونەرم ونیـانی بەرامبەر ئاژەڵەکان.

٣٣. ئاینی ئیسلام شتە پاکەکانی حەڵاڵ کردووە لە خواردن وخواردنەوەکان وفەرمـانی کردووە بە پاکژکردنەوەی دڵ ولاشە ومـاڵ، وهەروەهـا هاوسـەرگیری حەڵاڵکـردووە، و بەهەمان شێوە فەرمانی بە پێغەمبەران کردووە -علیهم السلام-، بۆیە ئەوان تەنها فەرمانی شتی پاک بە خەڵکی دەکەن.

٣٤. ئـاینی ئیسـلام ئەو تاوانـانەی حەرامکـرد کە بە بنچیـنەی حەرامکراوەکـان دادەنرێت وەکو: شیرک وهاوبە شدانان بـۆ خـودا وکـوفر وبێبـاوەڕی، وبـت پەرسـتی، وقسـەکردن بەنـاوی خـوداوە بە بـێ زانسـت، وکو شتنی منـداڵەکان، وکو شتنی ئەو نەفسانەی کە کو شتنیان حەرامکـراوە، وخراپەکـاری نـانەوە لەسـەر زەویـدا، وتـاوان وخراپە ئاشکرا ونهێنیەکـان وزینـا کـردن ونێربـازی، ومـامەڵکردن بە ڕیبـا (سـوو)، وخواردنی گۆشتی ئاژەڵی مردارەوە بوو (جگە لە ئاژەڵانی نێو دەریا وکـولە)، وخـواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵەی بۆ -لەبەر- بتەکان وگۆڕەکان سەربڕاوە، وخـواردنی گۆ شتی بەراز، وهەموو شتە پیس وبۆگەنەکان، وخواردنی ماڵی هەتیوەکـان بەنـاهەق، وفێڵکـردن لە

تەرازوو وکێشان، وپچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی، وپێغەمبەران -علیهم السلام- کۆک ویەک دەنگن سەبارەت بە حەرامکردنی ئەم تاوانە حەرامکراوەکانە.

٣٥. ئاینی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی نەهی لە هەموو ڕەوشتێکی خراپ ونا شیرین دەکات وەکو درۆ وفێڵ وستەم وخیانەت و(پیلانگێڕی شەڕ وخراپە) ودزی وستەم ودەستدرێژی وهەموو ڕەوشتێکی چەوت وپیس وبۆگەنی تر.

٣٦. ئاینی ئیسلام نەهی دەکات لەو مامەڵە داراییانەی کە ڕیبا (سوو) یان غەرەرە - مەترسیە یان قوماراوییە، یان نەزانینی سەرەنجام یان پارە یان کاتە-، یان ستەم، یان فێڵیان تێدایە، یان هۆکارە بۆ تووشبوون بە زیان وکارەساتی گشتی بۆ سەر کۆمەڵگا وگەل وتاکەکان.

٣٧. یەکێک لە ئامانجەکانی شەریعەتی ئیسلام بریتیە لە پاراستنی ئەقڵ وحەرامکردن وقەدەغەکردنی هەرشتێک ببێتە هۆی تێکچوون ونەمانی ئەقڵ وهۆش وەکو مەی خواردنەوە (خواردنەوەی سەرخۆشکەرەکان)، ئیسلام ئاینی وەکو ڕۆشنکەرەوەی ڕێبازی ئەقڵ ناساندووە؛ بۆ ئەوەی مرۆڤ خودا بپەرستێت بە چاوڕۆ شنی وزانستەوە، وشەریعەتی ئیسلام باسی ئەقڵ وهۆ شی بە مەزن داناوە وهەبوونی ئەقڵ وهۆ شی بە مەرج داناوە بۆ واجب بوونی ئەرکە شەرعییەکان (تەکلیفە شەرعییەکان)، وئەقڵی ئازاد کرد لە کۆت وزنجیری خوڕافیات وبت پەرستی، لە ئاینی ئیسلامدا هیچ نهێنی وحوکمێک نییە کە تایبەت بێت بە چینێکی دیاریکراو جیا لە چینەکانی تر، وهەموو حوکم وشەریعەت ویاساکانی ئاینی ئیسلام ئەقڵی سەلامەت وتەندروست قبوڵی دەکات ودانی پێدا دەنێت، چونکە ئەم حوکمانە ئەوپەڕی دادپەروەری وحیکمەتیان تێدایە.

٣٨. ئەگەر شوێنکەوتووانی ئاینە پوچەڵەکان درک نەکەن بەو دژیەکـی و شتانەی لە ئاینە پوچەڵەکەدا هەیە کە ئەقڵـی سـەلامەت ڕەتـی دەکـاتەوە ؛ ئەوا پیـاوانی ئـاینەکە شوێنکەوتووان بەوە هەڵدەخەڵەتێنن کە ئاین لە سەرەوەی ئەقڵە وئەقـڵ بـۆی نیـیە لە ئاین تێبگات ودرکی پێبکات، بەڵام ئیسلام ئاینی وەکو ڕێگایەکی ڕۆشنا بۆ ئەقڵ داناوە کە بەهۆیەوە ئەقڵ ڕێگا ومەبەستی خـۆی دەزانێـت لەم ژیـانەدا، وئـاینە پوچەڵەکـان دەیانەوێت مرۆڤ واز لە ئەقڵی بهێنێت وشوێنی ئەوان بکەوێت، بەڵام ئـاینی ئیسـلام دەیەوێت مرۆڤ هۆشی بێتەوە وئەقڵی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی هەقـیقەت وڕاسـتیەکانی بۆ دەربکەوێت بەو شێوەیەی کە هەیە.

٣٩. ئاینی ئیسلام زانستی ڕاست ودروست بە مەزن دادەنێت وهانی گەڕانی زانسـتی دەدات کە دوور بێت لە هەوا وئارەزوو، وبانگەشە دەکات بـۆ تێـڕوانین وبیرکـردنەوە لە دەروون ولا شەی مـرۆڤ وگەردوون وبوونەوەرەکـان وئەو شتانەی لە دەورووپشـتمانن، ودەرەنجامە ڕاست ودروستەکانی زانست تووشی هیچ پێکـدادانێک نـابن لەگەڵ ئـاینی ئیسلامدا.

٤٠. وخوای گەورە تەنها کردەوەکان (پەرسـتنەکان) لە ئەو کەسـانە قبـوڵ دەکـات کە باوەڕیان بە خودا هێناوە وملکەچی فەرمانەکانی بوون وباوەڕیان بە پێغەمبەران هێناوە -علیهم السلام-، وخـوای گەورە تەنهـا ئەو کـردەوانە (پەرسـتنانە) قبـوڵ دەکـات کە لە شەریعەتدا فەرمانی پێکردووە، بۆیە چۆن مرۆڤ کافر وبێباوەڕ دەبێت بە خـوای گەورە وهیوای ئەوەیە کە پاداشتی بداتەوە؟! وخوای گەورە ئیمان وباوەڕی هیچ کەسێک قبـوڵ ناکات ئەگەر باوەڕی بە هەموو پێغەمبەران نەبێت -علیهم السلام- ودەبێـت باوەڕی بە کۆتا پێغەمبەریش بێت کە موحەمەدە -صلى الله عليه وسلم-.

٤١. ئامانجی هەموو پەیامەکانی خودا بریتیە لە: ئاینی هەقی خودا مرۆڤ بەرز وبڵند وباڵا بکـات بە شێوەیەك مـرۆڤ تەنهـا بەنـدەیەکی دڵسـۆزی پەروەردگـاری هەمـوو بوونەوەرەکان بێت، وئەم ئاینە مرۆڤ ڕزگار دەکات لە کۆیلایەتی وبەندایەتی کردن بـۆ مرۆڤەکان وبۆ مادده وبۆ خورافەت، ئاینی ئیسلام -هەروەکو دەیبینین- بانگە شەی ئەوە ناکـات کە مرۆڤەکـان بـێگەردن ودوورن لە کەموکـورتی ولە ئەوپەڕی کامڵیـدان، ومرۆڤەکان بەرز ناکاتەوە بۆ سەرەوەی پلەوپـایەی خۆیـان، ونایـان کـات بە پەرسـتراو وپەروەردگار وخودا.

٤٢. خوای گەورە لە شەریعەتەکەیدا ڕێگەی داوە بە تەوبە کردن: ئەمـیش بـریتیە لە گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ لای پەروەردگار و وازهێنـان لە تـاوان وگوناهەکـان، ومسـوڵمان بوون وپەیڕەو کردنی ئاینی ئیسلام هۆکارە بۆ لێخۆشبوون لە هەموو تاوان وگوناهەکـانی پێشوو، وهەروەها تەوبە کردن هۆکارە بـۆ لێخۆ شبوون لە هەمـوو تـاوان وگوناهەکـانی پێشوو، بۆیە پێویست ناکات تاوان وگوناهەکانی لای هیچ یەکێـک لە مرۆڤەکـان بـاس بکات ودانی پێدا بنێت.

٤٣. لە ئاینی ئیسلامدا پەیوەندی نێوان مرۆڤ وخـودا پەیوەنـدییەکی ڕاسـتەوخۆیە، بۆیە مرۆڤ پێویسـتی بە هـیچ ناوەنـدێک -واسـتەیەک- نـیـە بـۆ پـاڕانەوە وداواکـردن وپەرستنی خودا، ئاینی ئیسلام قەدەغەی دەکات کە مرۆڤ بکرێتە خودا یان هـاوبەش وشەریکی خودا لە پەروەردگارێتی وپەرستنیدا (ئولوهیەتدا : خودایەتیدا).

٤٤. لە کۆتایی ئەم پەیامەدا ئەوە بە بیری خەڵکی دەهێنینەوە کە خەڵکـی سـەرەڕای جیـاوازی سـەردەم وگەل و شوێنی نیشـتەجێبوونیان، بەڵکـو هەمـوو کـۆمەڵگەی

مرۆڤـایەتی جیـاوازە لە بۆچـوون ومەبەسـت وژیـنگە وکردەوەکـانی ؛ بـۆیە پێویسـتە هیــدایەتێک هەبێــت ئاراســتەی بکــات ورێکخســتەیەک هەبێــت کۆیــان بکــاتەوە ودەسەڵاتدارێک هەبێت بیانپارێزێت، پێغەمبەران -علیهم الصـلاة والسـلام- ئەمەیـان جێبەجێ دەکرد بە وەحی خودا -سبحانه وتعالی- وخەڵکیان هیدایەت دەدا بـۆ ڕێگـای خێر ورێنموێنی، وخەڵکییان کۆ دەکردەوە لەسەر جێبەجێکردنی شەریعەتی خـودا ولە نێوانیانـدا بە هەق حـوکم وفەرمانڕەواییـان دەکـرد ؛ ئەمە هۆکـار بـوو بـۆئەوەی حـاڵ وگوزەرانیان باش بێت بە پێی وەڵامدانەوەیان بۆ بـانگەوازی پێغەمـبەران ونزیکیـان لە سەردەمی ناردنی پەیامەکانی خودا، وخـوای گەورە پەیامەکـانی کۆتـایی پێهێنـا بە کۆتـا پەیامی پێغەمبەر موحەمەد -صلى الله عليه وسـلم- ومـانەوەی بـۆ نووسـی وکـردیە بە هۆکاری هیدایەتدان وڕەحمەت ونور ورۆشنایی ورێنموێنی کردن بۆ سـەر ئەو ڕێبـازەی کە مرۆڤ نزیک دەکاتەوە لە خودا.

٤٥. بۆیە ئەی مرۆڤ بانگت دەکەم بۆ ئەوەی خۆت یەکلایی بکەیتەوە لە پێناو خوای گەورە بە ڕاستگۆییەوە، وخۆت بە دوور بگریت لە لاسـایی کـردنەوە وخـوو ونەریـت، وبزانیت لە پاش مردنت بۆ لای پەروەردگارت دەگەڕێیتەوە، وسـەیری نەفـس ولا شەی خۆت بکەیت وسەیری گەردوون بکەیت، ئەگەر مسوڵمان بیت ژیانت خـۆش دەبێـت پێش خۆشی نەبڕاوەی ڕۆژی دوایی، وئەگەر ویستت ببیت بە مسـوڵمان ئەوا تەنهـا لە دڵەوە وبە زمانیش ئەم شاهێدیە بدە: (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمداً رسـول الله) واتە: (شاهێدی دەدەم ودانیپێدا دەنێم کە هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نیـیە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە الله ، وشاهێدی دەدەم ودانیپێـدا دەنـێم کە مـوحەمەد نێردراو وپێغەمبەری خودایە)، ودەبێت بێباوەڕ بیت بە پەرستنی هەرشتێک یان کەسێک

جــگه له خــوای گەورە، وبــاوەڕت بەوە هەبێــت کە خــوای گەورە لە پــاش مردنمــان هەموومان زیندوو دەکاتەوە لە نێو گۆڕەکانمــانەوە، ولێپرســینەوە وپادا شت وســزا هەق وڕاستیە، ئەگەر ئەم شاهێدیە بدەیت ئەوا تۆ مسوڵمانیت، ولە پاش ئەمە دەبێت خـودا بپەرستیت بەو شێوەیەی لە شەریعەتی ئیسلامدا هـاتووە لە گـرنگترین پەرســتنەکانیش کە پایەی ئیسلامن: نوێژ کردن، وڕۆژوو گرتن، وزەکاتدان، وحەجکردن بۆ ماڵی خودا ئەگەر لە تواناتدا هەبوو.

**بەرواری چاپ: ١٩-١١-١٤٤١**

**نوسینی: مامۆستا دکتۆر/ محمد عبدالله السحيم**

**مامۆستای عەقیدە لە بەشی خوێندنەوە ئیسلامیەکان (لە پێشوودا)**

**کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی (الملك سعود)**

**ریاز، شانشینی عەرەبستانی سعودیە**

موسوعة القرآن الكريم
QuranEnc.com

موسوعة تضم تفاسير وتراجم موثوقة لمعاني القرآن الكريم

موسوعة الأحاديث النبوية
HadeethEnc.com

موسوعة تضم ترجمات للأحاديث النبوية وشروحها بعدة لغات

موسوعة المصطلحات الإسلامية
TerminologyEnc.com

موسوعة تضم ترجمات المصطلحات الإسلامية وشروحها بعدة لغات

منتقى المحتوى الإسلامي

هي موسوعة تضم المنتقى من المحتوى الإسلامي باللغات

IslamHouse.com

مرجعية مجانية إلكترونية موثوقة للتعريف بالإسلام

## نبذة موجزة عن الإسلام (بدون أدلة)

# ننشر الإسلام بأكثر من 100 لغة

جمعية الدعوة وتوعية الجاليات بالربوة

جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات